سەماحەتی حەکیم جەخت دەکاتەوە لەسەر دیاریکردنی کەسایەتییەك کە بتوانێت ئەنجومەنی نوێنەران بەرەو ببات و ئارامی سیاسی دروست بکات



لەرۆژی شەممە بەروواری 20-1-2024 بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی بە بەڕێز محەمەد حەلبووسی سەرکی حزبی تەقەدوم کەوت، لەم دیدارەدا هەردوولا باسیان لە تازەترین پێشهاتی سیاسی عێراق و ناوچەکە کرد، سەماحەتی حەکیم دووپاتی کردەوە کە گرنگە پارێزگاری لەو سەقامگیرییە بکات و وەك هەنگاوێکی بۆ بەدی هێنانی سەقامگیری هەمیشەیی هەژمار بکرێت.

سەبارەت بەدەسەڵی ئەنجومەنی نوێنەران سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئەو کەسایەتیەی بۆ سەرکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران دیاری دەکرێت، توانای ئەوەی هەبێت کاروباری ئەنجومەنەکە بەرەو ببات و ئارامی سیاسی بۆدی بهێنێت و پاڵپشتی ئەندامانی ئەنجومەنی هەبێت.

سەبارەت بە ئەنجومەنی پارێزگاکان دووپاتی کرایەوە لەسەر ئەوەی کە گرنگە حکومەتە خۆجێیەکان بەدشار بێت لە پتەوکردنی سەقامگیری و پاڵپشتی هەوتی خزمەتگوزاری حکومەت، هەروەها داواشی کرد حکومەتی هاوسەنگ لەسەر بنەمای کارامەیی و دەستپاکی و توانای بەرز بێت بشیوەیەك کەب توانێت پشکوتنێکیی بەرچاو لە بواری خزمەتگوزاری و گەشەپێدان لە پارێزگاکە دروست بکات.

لەکۆتایی قسەکانیدا، سەماحەتی حەکیم هاوسۆزی خۆی و هاوپەیمانێتی بە گەلی فەلەستینی لە مەینەتیەی ئەوان دووپات کردەوە، هەروەها بە پێویستی زانی شەڕی غەزە بکۆتا بێت و گوتیشی کەمەگەی نەودەوەتی دەبێت بەرپرسیارێتی ئەو مەینەتییانەی گەلی فەلەستین لە ئەستۆ بگرێت.